# نەرێت و زانست

ڕێبوار سیوەیلی



rebwarsiwayli@yahoo.com

٤ی کانونی دووەم ٢٠٢٣ توێژینەوە

بۆ پەیوەندیکردن بە (کۆرەک، تیلگرام، واتسئاپ): 07504452560

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە گرنگیی نەرێت و زانست لە پنتێکی هاوبەشدا دەکات، ئەمەش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بۆچوونانەی نەرێت وەک دژی زانست پێناسە دەکەن. باسەکە لە سێ بەشدا دەخرێتە ڕوو: یەکەم ڕوانگەی باوی کورد بۆ زانست و نەرێت، کە هیشتاکەش ڕوانگەیەکی کۆلۆنیالیستانەیە و تیایدا زانست وەک چالاکییەکی پێشکەوتوو و نەرێت وەک سیمبوولی دواکەوتوویی دەخرێتە

ڕوو. لە بەشی دووەمدا بە نموونەهێنانەوە لە شارستانییەت کورد و پەیوەندیی کورد و سرووشت، باس لە گرنگیی نەریتی ئەو پەیوەندییە دەکرێت، کە پڕە لە بنەمای بیرکردنەوەی زانستییانە و چەند نموونەیەک دەهینرێتەوە. لە بەشی سێیەمیشدا باس لە پێویستی و هاوبەشی نەریت و زانست دەکەین و لەمەشدا دەگەڕێینەوە ئەو گفتوگۆیانەی زانایان و فەیلەسووفەکان هێناویانەتە پێش و باس لە گرنگیی نەریت بۆ زانستی ئەمڕۆ دەکەن.

**وشە کلیلییەکان**: *زانست، نەریت، شارستانییەت، کولتووی دیارگەرا، گفتوگۆ، لیکترفێربوون...*

**بەشی یەکەم: ڕوانگەی گشتی بۆ هەردوو چەمکی زانست و نەریت:**

کورد بە گشتی و خوێندەوارەکانیان چەمکی زانست دەبەستنەوە بە ڕۆژئاواوە. واتە لەو باوەڕەدان ئەوە تەنیا خۆرئاوایە سەرچاوەی زانستە. سیستەمی ئەکادیمیی ئێمەش هەر لەسەر ئەم ڕاگواستنەی زانست لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان بەندە و ڕۆنراوە. چەمکی زانست لەم تێگەیشتنەدا زۆر سنووردارە و ئەمەش وای کردووە دنیای ئەکادیمیی ئێمە و توێژینەوەیی ئیمە لە هزرین و داهێنان سنووردار بێت و بەردەوامیش خەریکی کۆپیکردنەوە، ڕاگواستن و دووبارەکردنەوەی ئەوە بێت، کە بە زانست لەو چوارچێوەیەدا دەناسرێت: زانست لە سەرچاوە ئەورووپایی و خۆرئاواییەکانەوە.

چەندە ئەم تێگەیشتنە قووڵ کرابێتەوە، ئەوەندەش نەریت و ئەوەی لە پێشینەی هزری خۆرسکی ئێمەدا هەیە، بە پەراوێز و سووک و بێنرخ کراوە، بە جۆرێ وشەی **نەریت**، لە ڕوانگەی زانستخوازانەوە تا ئاستی خورافە و شتی پڕوپووچ و بێ مانای بەسەرچوو، چووە. نەریت شتێکە دەبێت خۆمانی لێ بەدوور بگرین چونکە "**وشەی نەریت ئاماژەیە بە پارزێزخوازی و بەردەوامیدان، لە کاتێکدا زانست شۆڕشگێڕانەترین هێزی جیهانە**"[1]. لە کاتێکدا "**زۆرێک لە نەریتەکانی ئێمە خراپ نین، باشن. ئەوانە باشترین شتە کەڵەکەبووەکانی ئێمەن لە میانەی تێپەڕینی سەدە و ساڵەکاندا**"[2]. بەم جۆرەش خودی خۆرئاواییەکان دیدگایەکی

---

[1] جرج سارتن: گفتارهای در تأریخ علم. ت. غلامحسین صدری افشار، تهران: ابیژ، 1388، ص: 1.

[2] هەر ئەوێ، ل: 8.

کراوەیان بەرامبەر نەریت لە ئاست زانستدا هەیە، بەڵام ئێمە تەنیا بەشی یەکەمی ئەو دوو گوزارەیەمان وەرگرتووە، یان ئەوەتا نەریت بەتەواوی خراپە، یان ئەوەتا زانست شۆڕشگێڕی و پێشکەوتووییە.

لێرەدا من ئەم دوو چەمکە وەک دوو دژ نابینم و بیر لە پەیوەندییەکانیان دەکەمەوە. بۆیە دەتوانم لە جیاتی نەریت زۆر وشەی دیکەش بەکار بهێنم، وەک دیارگەرایانە (لۆکاڵی)، خۆمانی، ڕەسەن و تەقلیدی و.. بەڵام وشەی نەریتم پێ پەسەندترە لە بەرامبەر زانستدا، کە ئەمەی دواییان مانای نوێ، مۆدێرن و تازە و نوێباویشی تێدایە. بەم جۆرەش خۆمان لە پێناسەی دوورودرێژ دەپارێزین و ***نەریت/نەریت وەک "زانایی دیارگەرایانە/لۆکاڵی" و زانست وەک "زانایی جیهانی"*** پێناسە دەکەین و لە جیاتی ئەوەی لە جیاوازییەکانیان بدوێین، باس لە پەیوەندییەکانیان و گرنگییان بۆ یەکتر دەکەین. لە وشەی نەریتدا هەم ئەزموون و هەم زانین پێکەوە دێن.

بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو تێگەیشتنە پێشینەیە بەردەوام بین کە زانست و نەریت وەک دوو دژ دەبینێت و نەریت بە "بەشە دواکەوتووەکەی زانین" و زانست "بەشە پێشکەوتووەکەی زانین" لەقەڵەم دەدات، هەڵەیەکی گەورە دەکەین. ئەم تێگەیشتنە کێشەی زۆری هەیە و پێچەوانەی ئەو بەهایەشە کە یۆنسکۆ (1992) بۆ زانستی خۆماڵی، یان ڕەسەنی داناوە[3]. سووربوون لەسەر ئەو تێگەیشتن و جیاکارە پێشینەیە ئەم هەڵانەی لێ دەکەوێتەوە:

یەکەم ئەوەی کە خۆی لە بەردەم بڕیارێکی پێشینەی ڕەهادا دەبینێتەوە. بڕیاری پێشینەش لە زانست و هزردا ڕەتکراوەیە.

دووەم ئەوەی کە زانست دەبەستێت بە جوگرافیایەکی دەستنیشانکراوەوە. بەڵام زانست پابەند نییە بە جوگرافیایەکی تایبەتەوە.

سێیەم ئەوەی کە ئەرکی خۆی لە ڕاگواستن و کۆپیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەم زانستەدا دەستنیشان دەکات. زانست ئەوە نییە لە کتێب و سەرچاوەکاندایە، ئەوە بەرئەنجامی ڕەوەندی زانستە. بۆیە گواستنەوەی ئەوانە وەک ئەوە نییە زانست بەرهەم بهێنرێت.

سیستەمی نووسینی ئەکادیمیی ئێمەش هەر ئەمە داوا دەکات و باشترین پێوەر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەوەیە کە دەمانبەستێت بە خۆرئاوا و وڵاتانی

---

[3]The Secretariat of the Convention on Biological DiversityTHE CONVENTION ON BIOLOGICAL DIVERSITYWebsite: http://www.biodiv.org .1992.

ئەورووپاوە. جگە لەوەش دەبێت هەموو توێژەرێکی کورد دووپاتەکەرەوەی ئەو شێوازی نووسینانە بێت، کە دەمانبەنەوە سەر نەریتی نووسینی خۆرئاوایی لە بواری زانستەکاندا؛ بە تایبەتی زانستە مرۆییەکان.

چوارەم: کێشەکەیەکی دیکەشمان هەیە: ئەوەی لێرە بە ناوی زانستەوە دەنووسرێت لە خۆرئاوا وەک زانست تەماشای ناکرێت و لە باشترین دۆخدا وەک هەوڵدان و چنگەکرێی شێوەزانستی، یان زرەزانستی تەماشایان دەکرێت[4]. لەگەڵ هەموو هەوڵ و پەلەقاژەی توێژەران و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە ڕووی زانستییەوە ددانیان پێدا بنرێت، کەچی دەبینین ساڵ بەساڵ ئەو دانپیانانەی ئەوانی تر بۆ ئێمە لە کەمی دەدا، یان ڕاستتره بگوترێت: لە ڕێزبەندی و پلەبەندیدا کەم کەم لە هەڵکشاندایە بەڵام هیچ ئەنجام و دەستکەوتێکی ڕاستەقینە و کردەیی نییە. ئەمەش نەک هەر بۆ ئێمە وەک کورد، بەڵکوو ڕوانگە ئامادەکانی خۆرئاوا بۆ خۆرهەڵات بە گشتی و بۆ خۆرهەڵاتی ناوین لەمەدا بڕیاردەرن[5].

بە پێوەرگرتنی خۆرئاوا وەک پێش نموونەی بەرهەمهێنانی زانستی، ئێمەی لە باقی بەشەکانی جیهان دابڕ کردووە. لە سەردەمی ڕێنیسانس بەدواوە[6] و بەتایبەتیش لە سەدەی حەڤدە و هەژدە و تا ئێستاش خۆرئاوا بەرهەمهێنەری زانست بووە و هەیە، وەلێ لە بەشەکانی دیکەی جیهانیشدا زانست بەرهەم هاتووە و بەرهەمیش دێت. ئەم خۆ دابڕکردنەی کورد لە بەشەکانی جیهان و خۆگرێدانەوە ڕەهایەی بە خۆرئاوا و ئەورووپاوە، بەشێکی زۆری وزەی داهێنانی ئێمەی بۆ خۆی بردووە و خستوویەتیە خزمەت دووپاتەکردنەوەی زانستی ئەوانی ترەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە زانست وەک جۆرێکی بیرکرنەوەی ورد، لە هەموو جوگرافیا و لە هەموو زمانێکدا بەرهەم دێت. زانست بەرلەوەی بەرهەمی ڕەهای خۆرئاوا و ئەورووپا بێت، بەرهەمی مرۆڤ و زمانەکانی جیهانە. زانست پێش هەموو شتێک بەرهەمی زمانی دایک و جوگرافیا و ژینگەی خۆماڵییە. بەرهەمی ئەزموونی کردەیی مرۆڤ و دووبارەکردنەوەی ئەزموونەکانی مرۆڤە بۆ

---

[4] Glen S. Aikenhead: Science Education: Border Crossing into the Subculture of Science Published in Studies in Science Education, 1996, vol. 27, pp. 1-52.

[5] حسان الاسود: الشرق والغرب في نظرات متبادلة. 25 تشرين الأول/أوكتوبر 2021.
https://www.harmoon.org/opinions

[6] Maurizio Iaccarino: Science and culture. Westeren science cuuld a thing or two from the way science is done in other cultures. european molecular biology organization , vol 4, no 3, 2003, s: 1.

بەردەوامی لە ژیاندا. "**زانست بەرهەمی داهێنەرانەی مرۆڤێکە پێویستی بە ئازادی و ڕێز و ستایش بێت**"[7]. چ مرۆڤێک لە جیهاندا نایەوێت ئازاد و ڕێزلێگیراو و ستایشکراو بێت؟ کەواتە بۆ ئەوەی ئەو بەهایە بەدەست بهێنین، کە لە ڕێگەی زانستەوە بەدەستی دەهێنین، پێویستە لەناو زمان و ژینگەی خۆماندا بیر بکەینەوە. ئەوە ڕاستە کە بەرهەمەکانی زانستی خۆرئاوایی لە زۆر شوێنی دیکەی جیهان سوودبەخشن و بوون و هەن، بەڵام جەوهەری زانست بە تەنیا خۆرئاوایی و ئەورووپایی نییە، بگرە مرۆیی و جیهانییە.

بەشێکی زۆری گەلانی جیهان لە جوگرافیا جیاوازەکانی دنیادا، پێش ڕێنیسانس، پێش سەدەی شازدە، حەڤدە و هەژدە کە زانست لە شێوە مۆدێرنەکەیدا لە ئەرووپا سەر هەڵدەدات، خاوەن هزرینی زانستی و پێش زانستی بوون و ئەمەش لە شێوە ژیانی ئەواندا ڕەنگی داوەتەوە. میللەتێکی وەک کورد کە تەمەنێکی چەند هەزار ساڵەی هەیە، چۆن دەیتوانی لە ژیان بەردەوام بێت ئەگەر زانستیانەش تەگبیری ژیانی خۆی نەکردبێت. لە پشت ئەو شێوەژیانەوە ئەزموون و بیرکرنەوە هەیە و ئەوەش لە قووڵایی خۆیدا جۆرێکە لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە. بۆیە هیچ میللەتێکی جیهان لەدوای سەدەی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەوە و بە پێڕەوکە لە ئەورووپاییەکان بیری زانستی نەپشکووتووە. ئەوە خۆبەکەمزانییەکی ڕووتەڵەیە پێتوابێت پێش ئەورووپاییەکان زانست نەبووە.

**زانست پێش هەموو شتێک ئەزموون، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، دووبارەکردنەوە و گواستنەوە و ڕادەستکردنی ئەزموون و داناییە. دەکرێت ئەو ڕادەستکردنە بە شێوەی زارەکی بێت، یان نووسراو، یان وێنە و کەرەستە و ئامرازە و بەرهەمەکانی ئەو دانایی و ئەزموونە. بیرکردنەوەیەکی ئازاد لە پەیوەندی بەو جوگرافیا و شوێنەی لێی دەژین. بۆیە زانست پێش ئەوەی بەرهەمێکی ڕاگوێزراو بێت لە کتێبەکانەوە بۆ ناو پۆل، بەرهەمی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی مرۆڤە لە ژیان بەبێ بەستنەوەی ئەم بیرکردنەوەیە بە جوگرافیایەکی تایبەتەوە.** زانست چالاکییەکی مرۆییە پێش ئەوەی هی گەلێک یان ڕەگەزێک و جوگرافیایەکی دیاریکراو بێت.

بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین زانستییانە بیر بکەینەوە دەبێت خۆمان لە هەر پاشکۆیەتییەک ڕزگار بکەین و لەناو شێوەژیانی هەزاران ساڵەی خۆمانەوە بنەما زانستییەکانی مانەوەمان بدۆزینەوە. من کاتێک بیر لە ماست دەکەمەوە و ئەوەی چ بەرهەمگەلێکی بەدوای خۆیدا هێناوە: دۆ، کەشک، پەنیر، خەستە، شیرێژ و

---

[7] شاذلی هورای: فی فلسفة بول فیرابند، من صرامة المنهج الی التعددیة المنهجیة. الحوار الثقافي، Volume 1, Numéro 1, 2012.

چەندین بەرهەمی دیکە، کە هەموویان لە ڕەوەندێکی زانستیدا ئامادە دەکرێن و ئەوەش بیرکردنەوە و ئەزموونی لە پشتەوەیە، تێدەگەم لانی کەم هزری زانستی لە کۆمەڵگە و مرۆڤی ئێمەش ئەوەندە بەدوور نەبووە تا لە ئاست بەرهەمی زانستیی ئەوانی تردا ئەوەندەش خۆبەکەمزانانە لە خۆم بڕوانم. پەیوەندیی قووڕ و کورد، ئەوەندە قووڵە و ئەو بەرهەمانەی لە بواری خانووبەرە، گۆزەگەری، مەرکانەسازی و دیزە و ئاگردان و تەنوور و دەرماندا لەم پەیوەندییەوە سوودمەند بوون، کە باس ناکرێت.

کەوایە دەبێت خۆمان لە کۆپیکردنەوە و ڕاگواستن و دووپاتەکردنەوە بپارێزین و بەرەو دۆزینەوەی ساتەوەختە داهێنەرەکانی هزری خۆمان بگەڕێینەوە. واتە بەرەو نەرێت و ئەزموونی کەڵەکەبووی هەزاران ساڵەمان. هیچ شتێک، هیچ بەرهەمێکی خۆماڵی نییە نەچێتەوە سەر ئەزموونێکی کەڵەکەبوو و شێوە بیرکردنەوەیەکی زانستییانە، پێشزانستییانە و شێوەزانستییانە. ئەمە بۆ ئەورووپاییەکانیش ڕاستە. کەوایە دەبێت ئێمە ئەو دابڕان و نامۆبوونە بە دیدی نوێ و ڕوانگەی نوێ، نوێ بکەینەوە چونکە کۆپکردنەوە و پابەندبوونەوەی بەردەوام بە کۆپکردنەوە و دووپاتەکردنەوەی ئەوەی ئەوانی تر لە شوێنانی تر بەرهەمیان هێناوە، ناتوانین بە شوناسی زانستییانەی خۆمان بگەین. بۆ تێگەیشتن لە سرووشتی موزیکی کوردی، دەبێت لە شێوەژیانی کورد و فرەجۆری کەرنەڤاڵە موزیکییەکەی تێبگەیت، نەک دووپارە کردنەوەی مێژووی موزیکی ئەورووپا و جیهان.

ئەمە بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی زانستیش لە هەرێمەکەماندا ڕاستە. ئێستە دەبینین کەسانێک بە هەمان پێوەری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپا و بۆ بە دەستهێنانی ڕەزامەندیی زانستییانەی ستاندارد و پلەبەرزکردنەوە، لە هەوڵ و تەقەلایەکی عەرەقڕێژدان بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی توێژەرانی کورد. ئەمەش هەر دەچێتەوە خزمەت کۆپیکردنەوە و بەهەندنەگرتنی جۆری ژیان و هزرین لە مەرز و بوومی خۆماندا. لە جیاتی ئەوەی لە دنیای خۆمانەوە پێوەرگەلی زانستی دەربهێنین، دێین بەرهەمی توێژەرانی خۆمان ڕاپێچدەکەینە نێو ئەو چوارچێوانەوە کە لە ئەورووپا و خۆرئاوا بە ستاندارد کراون. زۆرباشە، بەڵام ئەمە هەوڵێکی ڕەنج بەخەسارە و هیچ دانپیانانێک بەدەست ناهێنێت. بە پێوەری ئەوانی تر ڕوانینە بیرکردنەوەی خۆماڵی جگە لە سنووردارکردنی بیرکردنەوەی ئازاد لە بواری زانستیدا، هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت و ئەوەش بەرەنجامەکەیەتی کە خاوەنی دەیان نامەی ماستەر و دوکتۆراین و کەچی کەس هیچمان وەک داهێنانی زانستی بۆ حساب ناکات. بۆچی؟ چونکە تۆ شوناسی زانستی و هزرینی زانستییانە و شێوەژیانی

خۆت وەک نەتەوەیەک بە هەند ناگریت و یەکسەر دەچیت کۆپی شتێک دەکەیتەوە کە ئەوانی تر لە پەیوەندی بە شێوەژیان و جوگرافیای خۆیانەوە بەرهەمیان هێناوە. بۆیە کاتێک تۆ دێیت لە سەر کانت و هیگڵ دەنووسیت، ئەو ئەمەت وەک داهێنان لێ وەرناگرێت! کاتێک شمشاڵ و نەی دەگۆڕیتەوە بە ئامێرە ڕۆژئاواییەکان کەس ئەمەت وەک داهێنان بۆ نانووسێت! کاتێک دێیت خۆت شین و مۆر دەکەیتەوە تا تویژەرەکانت بە تاکە ستانداردی زانستیی ئەوانی تر بنووسن و لێرەشەوە سنوورێک بۆ داهێنان دەکێشیت و ئەوانی تر بە پیرۆز دەکەیت؛ جگە لە لاساییکەرەوەیەک هیچی تر نیت.

پێوستە ئازادیی توێژینەوە و ئازادیی هرز بخەینەوە جێگەی کۆپیکردنەوەی ڕووت و لاساییکردنەوە و دووپاتەکردنەوە.

**بەشی دووەم:**

## شارستانییەتی کورد و هزرینی زانستییانە:

بۆ ئەوەی لەم تەڵزگە و قەیرانە دەربچین، سەرەتا دەبێت ڕوانینێکی ئەرێنییانە لەبارەی ڕۆڵی کوردەوە لە شارستانییەتدا بەدەست بهێنینەوە. دەبێت لە خۆمان بپرسین ئاخۆ چۆنە لە ناو مێژوویەکدا، کە بەسەدان نەتەوە و گەل لەناوچوون، کوردەکان لەسەر خاکی خۆیان ماونەتەوە و تایبەتمەندیی کولتووری و کەسایەتیی خۆیان پاراستووە؟ ئەو شارستانییەتە کامەیە کە تایبەتمەندییەکی کوردییانەی هەیە و جۆری شارستانییەتی کورد کامەیە؟

چەمکی شارستانییەت، یان حەزارەت، تەمەدوون و مەدەنییەت "***وشەیەکی گشتگرەوەیە بۆ وەسفکردنی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەک، کولتوورێک و ژیانی مادی، تەکنەلۆژی، هزری و ڕۆشنبیری، ڕێکخراوەیی، سیاسی و ئاکاری***، بەکار دەهێنرێت. ئەم زاراوەیە بەتایبەتی بۆ ئاماژەدان بە کامڵترین گەشە لە بەرامبەر نزمترین و سەرەتاییترین و درندەترین، یان بەربەریزمدا"[8] بەکار هاتووە.

هەرچەندە لەم مانایەی چەمکی شارستانییەتدا، وشەکە بە واتای "بەرزترین" ئاستی کولتووری لە ئاست "نزمترین" ئاستدا بەکار هاتووە، بەڵام ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە تەنانەت لە "نزمترین" ئاستەکانی شارستانییەتیشدا، کولتوور و ژیانی مادی، تەکنەلۆژی، زانستی، هزری و ڕۆشنبیری، هەن. ئەمە جگە لەوەی

[8] Michael Harbsmeier: **civilisatio,** http://denstoredanske.dk/. 1. 11. 2022.

هیچ کۆمەڵگەیەک و قۆناغێکی شارستانیانە نییە بەبێ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەبێ بوونی ئاکارێکی پەیڕەوکراو و ژیانیکی ئەخلاقی، تیایدا.

لەلایەکی ترەوە، هیچ کۆمەڵگەیەکی خاوەن شارستانییەت نییە ئەگەر تیایدا زمان، مێژوو، ئەفسانە، ئایین، نەریتەکان، هونەرەکان و وێناکردنێکی تایبەت بەخۆی نەبێت، کە پنتی پێکەوە بەستنی ئەو مرۆڤانەیە خۆیان لەناو ئەو بازنە شارستانییەتەدا دەبیننەوە و خۆیانی تێدا پێناسە دەکەن. هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی و لە چوارچێوەی تیۆریکدا، بۆ نموونە لەلای (هانتینگتۆن) شارستانییەتەکان بۆ چەند دەستەیەک پۆلێن دەکرێن، (وەک: شارستانییەتی خۆرئاوایی، کۆنفسیۆسی، ژاپۆنی، ئیسلامی، هیندۆسی، سلاڤی، ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقی..)[9]، بەڵام ئەم پۆلینکردنە و پاش و پێشخستنیان و ئەو شارستانییەتانەش، کە دەکەونە دەرەوەی لیستی ئەم شارستانییەتە پۆلینکراوانەوە، ناکەونە دەرەوەی پێناسەکەوە. چونکە وەک بینیمان بنەماکانی شارستانییەت پەیوەستن بە بوونی مرۆییەوە، کە لە کۆمەڵگەکاندا دەژین و کۆی ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە پێناسەکە جەختیان لەسەر دەکاتەوە.

ناکرێت دیاردەی شارستانییەت لە هیچ کۆمەڵگەیەک و لەلای هیچ میللەت و نەتەوەیەک، وەک بەرهەمێکی چینێکی باڵا و دەستەبژێرێک لە کۆمەڵ، تێبگەین. چونکە شارستانییەت، لە هەر ئاستێکیدا بێت، بەرهەمی خەڵک و گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە، کە لە ڕابردوو و ئێستادا بەو شێوەی ژیان و تەگبیرەی بۆ بەڕێوەبردنی خۆیان دەیگرنە بەر، ئاستێک لە شارستانییەت بەرهەم دەهێنن. بیرۆکەی شارستانییەت و بەستنەوەی بە دەستە و چینێکی تایبەتەوە، یان بە میللەت و ڕەگەزێکی تایبەتەوە، بیرۆکەیەکە هەوڵ و خەباتی گشت خەڵک لە بەڕێوەبردنی ژیانی کولتووری، مادی و ڕۆحیی خۆی، پشتگوێ دەخات و ئەمەش جۆرێکە لە پەراوێزخستنی هێزە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان. بگرە ئەمە سەپاندنی تێگەیشتنێکی تایبەتە لە شارستانییەت، کە دەیەوێت باڵادەستیی شارستانییەتێکی تایبەت، بەسەر شارستانییەتەکانی دیکەدا بسەپێنێت. لەم ڕوانگەیەوە شتێک نییە بە ناوی شارستانییەتێکی (باڵا) و شارستانییەتێکی (نزم). ئەوەی کە هەیە شارستانییەتی مرۆییە و کۆمەڵگەکان بە کۆی ئەو مرۆڤانەی لەناویاندا دەژین وەدیهێنەری کولتووری جیاوازن و لە کۆتاییشدا گشت مرۆڤایەتی بەرهەمهێنەری جۆرەکانی شارستانییەتن.

---

[9]https://www.dr.dk/studie/samfundsfag/portraet-af-huntington.

هەروەها بڕوانە: سامۆئیل هانتنگتۆن: پێکدادانی شارستانییەتەکان. و. فەیسەڵ خەلیل، هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، 2016، ل: 51-57.

هیچ میللەت، ڕەگەز، چین و توێژێک و دەستەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی پسپۆڕی دروستکردنی شارستانییەت نین. ئەمانە پێکڕا و هەر یەکە لەلای خۆیەوە، بەشدارییەکی مێژوویی و هەنووکەیی لە بەرهەمێهنانی شارستانییەتدا دەکەن و کردوویانە. مرۆڤناسیی مێژوویی فێرمان دەکات، کە لە وەدیهێنانی کولتوور و شارستانییەتەکاندا، کاریگەری و ڕۆڵی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتمان لەبیر نەچێت و ئایدیۆلۆژیا نەکەینە پێوەر بۆ بەخشینی مۆرکی شارستانییەت بە دەستەیەک و سەندنەوەی لە چین و توێژێکی دی[10].

ئەو گوتارەی هەوڵی ئەوەی دەدا شارستانییەت بکاتە چالاکییەکی تایبەت بە چینێکی تایبەت، یان میللەتێکی تایبەت، گوتارێکی کۆلۆنیاڵیستی بوو لە بنەمادا خزمەتی بە چینی بۆرژوازیی ئەورووپایی دەکرد، بە تایبەتی لە سەدەی هەژدەهەم بەدواوە، کە وردە وردە ئەم چینە خەریک بوو لەوێ ڕابەرایەتیی کۆمەڵگە بگرێتە دەست. بەستنەوەی شارستانییەت بەو تێگەیشتنەی گوایە بەرهەمی دەستەبژێرێکی خاوەن کولتووری باڵایە، لە بناخەوە ڕەتکەرەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە پێمان دەڵێت: ئەو کاتەی چینی بۆرژوازی لە ئەورووپا دەهاتە سەر سەکۆی بەڕێوەبردنی ژیان، دەستە و چین و توێژەکانی تر بە سەختی بۆ بەرهەمهێنانی ئاستێکی دیکەی شارستانییەت تێدەکۆشان، کە چینی بۆرژوازی دەکردە چینێکی مشەخۆر بەسەر ڕەنج و تێکۆشانی خەڵکی ڕەش و ڕووتەوە. ئەمە لە فەلسەفە، زانست و سیاسەتیشدا هەر ڕاستە و پێشئەوەی دەستەیەک، گرووپێک و کەسانێک لەو بوارانەدا وەک خاوەن فەلسەفە، مرۆڤی دانا و سیاسیکار دەربکەون، هەمیشە ڕەشەخەڵکەکە لە ئاستێکی تایبەتدا و بە شێوەیەکی پێش فەلسەفییانە، پێش زانستییانە و پێش سیاسییانە، سیاسەت و فەلسەفە و زانستیان بەرهەم هێناوە[11].

بەم جۆرەش، هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی کولتوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە کولتووری کۆمەڵگەکانی تر. بەڵام هەموو کۆمەڵگەیەکیش هەڵگری چەندین کولتوور ناوەکی و لۆکاڵیی جیاوازە لە ناوەوەی خۆیدا، کە تایبەتمەندیی جیاوازیش دەداتە پێکهاتەکانی. بۆیە هەموو گفتوگۆیەکی کولتووری، گفتوگۆیە لەگەڵ دەرەوە و ئەوانی تر لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا، کە هەڵگری چەندین کولتووری جیاوازن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا گفتوگۆیە لەگەڵ

---

[10] L O IC WACQUANT: Three steps to a **historical anthropology** of actually existing neoliberalism. Social Anthropology/Anthropologie Sociale (2012) 20, 1 66–79

[11]كليفورد كانر: تاريخ علم مردم. مترجم: حسن افشار. تهران: نشر ماهی، 1390، ص: 12–34.

خۆیدا و لەنێوان پێکهێنەرانی هەمان کۆمەڵگەدا کە هەریەکەیان هەڵگری وردە کولتووری جیاوازن لە یەکتری[12].

لێرەوەیە، وەک چۆن دەتوانین باسی شارستانییەتی ئەورووپی بکەین، ئاواش دەتوانین باسی شارستانییەتی کوردستان بکەین، هەروەک چۆن دەتوانین ئەو هەمەڕەنگییە لە کۆمەڵگە ئەورووپاییەکاندا ببینینەوە، کە هەڵگری جیاوازییە لەنێوان پێکهێنەرکانیدا، ئاواش ئەو جیاوازییانە دەبینینەوە کە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی هەڵگریانە. چۆن دەتوانین باسی تەکنەلۆژی لە شارستانییەتی ئەورووپاییدا بکەین، ئاواش دەتوانین باسی تەکنەلۆژی لە شارستانیەتی کوردستانیدا بکەین و بەو جۆرە. ئەمەش ئەگەر تەکنەلۆژیمان تەنیا نەبەستەوە بە جۆرەکانی مۆبایل و ئامێرە پێشکەوتووە دیجیتاڵییەکانەوە، بەڵکوو لەوەش تێگەیشتباین کە تەنانەت دروستکردنی خشتی قوڕیش لە هەمان کاتدا کە جۆرێکە لە تەکنەلۆژیا، ئاواش ئاستێکی ئیستاتیکی، زانستی، ئەندازیاری، تەندروستی و تەلاسازیانەی شێوەژیانی میللەتێک بەرجەستە دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی ئەزموونییانە وەک زانست و کارامەیییەک، بۆ خۆی ئاستێکی تەکنەلۆژیایە. چونکە جگە لە فۆرمە ئێستاتیکییەکەی، بۆ دروستکردنی خشتێک مرۆڤ پێویستی بە بڕێک دانایی و ئەزموون لە بواری ناسینی جۆری گڵ، خاک، پووش، کا و موو، هەیە کە بە تێکەڵکردنێکی ڕێژەییان باشترین جۆری کەرپووچ/خشت دروست دەکرێت.

بۆیە بە شێوەیەکی گشتی، هیچ گومان لە شارستانیبوونی میللەتی ئێمە نییە، چونکە ئەگەر وا بوایە ئێستا کۆمەڵگەیەکمان نەدەبوو بە ناوی کۆمەڵگەی کوردستانی و بوونەوەرێکمان نەدەبوو بەناوی مرۆڤی کورد و کوردستانی. هەرچەندە دەبێت چەمکی کۆمەڵگە زیاتر توێژینەوەی لێ بکرێت و تایبەتمەندی و ئامانجی هاوبەشی هەنووکەیی و داهاتوویی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان بکرێت.

کەواتە بۆ قسەکردن لەسەر شارستانییەت پێویستە دەستنیشانی بوونی میللەت و کۆمەڵە مرۆیەک و کۆمەڵگەیەکمان بکەین، کە تیایدا هاوولاتییان ئامادەیی کردەییان لە پرۆسەی خۆ بەڕێوەبردندا هەبێت بەبێ ئەوەی بۆ ئەم کارە پێویستیان بە سووپایەک هەبێ. شارستانییەت هەر تەنیا پەیوەست نییە بەبوونی دامەزراوە و کتێبە ئاسمانی و مژدە میتافیزیکییەکانەوە، هێندەی ئەوەی دیاردەیەکی پێش دامەزراوەیی و پێش میتافیزیکیانەی ئایینی و سیاسییە.

[12]الدکتور یونس ولیدی: حوار الحضارات بین الفکر الغربي والفکر العربي الاسلامي، له: https://www.youtube.com/watch?v=idSCkI53jVI

***شارستانییەت سیحری تەگبیری گرووپە مرۆڤییەکانە لە مانەوەیاندا لەناو مێژوودا و گەنجینەیەکە هەموو ئەو تایبەتمەندی و پێویستیانەی تێدایە کە بۆ دروستکردنی دامەزراوە و بڕوا و مژدەیەک پێویستن و مانەوەی مرۆڤ لەناو مێژوودا دەستەبەر دەکەن.*** شارستانییەت کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەیی کۆمەڵگەیەکی تایبەت، ناوچەیەکی جوگرافیایی، نەتەوەیەک، گەلێکە لە گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی، دین، ئاکار، سیاسەت، هونەر، ڕۆشنبیری و زانست و تەکنەلۆژیادا، کە بە شێوەیەکی میراتی و لە ڕێگەی پەروەردەکردنەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەمێننەوە[13].

بەم مانەیەش، شارستانییەت نەک هەر ئەوەیە، کە هەیە و ماوەتەوە، بەڵکوو ئەوەشە کە بە ڕێگەوەیە و دروست دەکرێت. شتێکە پێویستە مرۆڤ لە ژیان و مێژوو و تواناییی خۆیدا کە ئەو مانەوەیەی بۆ دەستەبەر کردووە، بیدۆزێتەوە و خۆی لەسەرەوە بینا بکات بۆ داهاتوو.

هەرگیز شارستانییەتێکی یەکینە و نموونەیی و پیوەر، کە هیچ خەوشێکی نەبێت و پاکژ و پەتی بێت؛ لە ئارادا نییە و نەبووە. هەروەک چۆن میللەتێکمان نییە لەو کاتەدا کە چینێکی تایبەت و کەسانێکی دەستەبژێر سەرقاڵی دروستکردنی شارستانییەت بووبن، خەوتبێت، ئاواش چنێکی تایبەتمان نییە کە لەو کاتەدا دەستەبژێرێک سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کولتوورێکی باڵای شارستانیانە بووبن، ئەو چینە خەو بردبێتییەوە. ئەگەر شارستانییەتی میسر بە بەرهەمی دەستەی باڵای حاکمە فیرعەونییەکان بزانرێت، ئەوە ڕۆڵی کرێکار و کۆیلە و جووتیار و پیشەییەکان، لەم شارستانییەتە بکەینە دەرەوە، هیچی لێ نامێنێتەوە. بۆیە هەموو ئەو ئاست و فۆرم و پێگە شارستانیانەی لە ئێستادا و لە ئەنجامی بەراوردکارییەوە، هەناسەساردیمان لە ئاست نەبوونی شارستانییەتییەتێک بۆ خۆمان بۆ دەهێنن، دیوێکی ناشارستانی و دزێویان هەیە. ئەمەش ئەو قسەیەی والتەر بنیامین پشتڕاست دەکاتەوە، کە نووسیبووی: "هیچ بەڵگەنامەیەکی شارستانییەت نییە، ئەگەر لە هەمان کاتدا بەڵگەش نەبێت لەسەر بەربەریزم"[14].

**جۆری شارستانییەتی کورد:**

---

[13] هەمان سەرچاوەی پێشوو: الدکتور یونس ولیدی: حوار الحضارات بین الفکر الغربي والفکر العربي الاسلامي، لە: https://www.youtube.com/watch?v=idSCkI53jVI.

[14] Walter Benjamin: On the Concepet of History. In: https://www.sfu.ca/~andrewf/CONCEPT2.html.

وەک پێشتر لە توێژینەوەی دیکەماندا جەختی لەسەر کراوەتەوە، جۆری شارستانییەتی کورد، وەک چەندین گەلی دیکەی جیهان لە جۆری "**شارستانییەتی ئازادیی سرووشت**"ـە[15]. لەم جۆرەی شارستانییەتەدا هەم ئایینە تاکخوداکان و هەم ئاستێکی ئەقڵانی دەبینرێنەوە، کە خۆی لە دۆزینەوەی هاوسەنگییەک لەنێوان ئەم دنیا ویستی و ئەو دنیا بەدەستهێناندا بەرجەستە دەکات. مرۆڤی ئەم شارستانییەتە هەم دەیەوێ دنیاییانە بژی و هەم ڕۆژی پەسڵانێش بەدەست بهێنێ. هەم ویستی هەیە بۆ بەهەشت و هەم ترسیشی هەیە لە دۆزەخ. هەم ناچارەکیی عەقڵ (زەروورەتی ئەقڵ) هەستی پێ دەکرێ و هەم پێویستیی مرۆڤ بە خودا. بەڵام لەنێوان خودا و ئەقڵدا، سرووشت هەیە و سرووشت نە خودایە و نە ماتریاڵێکی ڕووتیشە.

ئێمەی کورد وێڕای هەر ئایینێک کە لەم سەرزەمینە ماوەتەوە، وێڕای هەر سەرقاڵییەکی ترمان بە مۆدیلەکانی ئەقڵانییەت و نائەقڵانییەتەکانەوە، میللەتێکی بێ ئەندازە سرووشتین. ئازادی لەم ناوچەیەدا ئازادی بووە بۆ سرووشت و بەشداریمان لە شارستانییەتدا لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە پتەوەوە بووە، کە لەگەڵ سرووشتدا دروستمان کردووە. ئەقڵی ئێمە و هەستەکانمان و جیهانبینیمان و کارامەییە جەستەییەکانمان؛ لە پەیوەندی بە سرووشتەوە گەشەیان کردووە.

بنەمای شارستانییەتێک، کە ئازادی بۆ سرووشت لە پێش هەموو جۆرەکانی ئازادییەوەیە، وای کردووە زۆر جار سرووشت جێگەی خودا و هەر دەستکەوتێکی مادیی ترمان بۆ بگرێتەوە و کولتوورێک دروست ببێت چەمکەکانی خۆی لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی تایبەتەوە لە سرووشت داڕشتبێ. هەروەکچۆن لە خۆرهەڵاتی دووری ئایینە بێخوداکاندا، لێبووردەیییەکی بەرفراوانی ئایینیمان هەیە و هەروەک چۆن لە خۆرئاواشدا لێبووردەیییەک لەسەر بنەمای ئەقڵانییەت، عورف و ئەخلاقەوە خەملیوە، ئاواش لێبووردەیی لە کولتووری ئێمەدا پەیوەستە بە نزیکی و تێگەیشتنمان لە سرووشت و ویژدانی سرووشتپەروەرمانەوە.

---

[15] ئێمە لە توێژینەوەکانی پێشتووترماندا سێ جۆر شارستانییەتمان لەیەکتر جیا کردۆتەوە: 1. شارستانییەتی ئازادیی ئایین، 2. شارستاییەتی ئازادیی عەقڵ و 3. شارستانییەتی ئازادیی سرووشت. بڕوانە: ڕێبوار سیوەیلی: **کورد و شارستانییەت** (هەندێ بیرۆکە بۆ بابەتێکی گرنگ). ئەم باسە سەرەتا لە زانکۆی چەرموو (2021/6/26) پێشکەش کرا و پاشان لە کتێبی (سەد وانەی ڕێفراندۆم، 2022) بڵاو کرایەوە.

هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە ژیانی ئێمە لەناو سرووشتدا بووە و سرووشت لە ژیانی ئێمە، نەک هەر جیا نەبووە، بەڵکوو بەبێ سرووشت و بەخشندەیییەکانی، ژیانی ئێمە مەیسەر نەدەبوو[16]. دوو بەڵگە ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە، یەکەمیان بریتییە لە خانووی گوندەکان، بەو پێیەی کۆنترین جۆری فەزای دەستکرد و داهێنەرانەی کوردەکانە لە دوای ئەشکەوتنشینی. دووەمیشیان بریتییە لە ناندێن، یان مەتبەخی کورد، بەو پێیەی بنەماییترین و غەریزەییترین پێویستیی ئەم مرۆڤەیە بۆ مانەوە. شارنشینی دیاردەیەکی تەواو تازەیە و هەتا ئێستاش شارە هەرە مۆدێرنەکانی ئێمە سرووشتێکی گوندیانەیان هەیە. گوند یەکەی سەرەتاییی نیشتەجێبوونی ئێمەیە لەناو سرووشتدا. ئێمە لەڕووی مێژووییییەوە و لە دوای وازهێنان لە ژیانی کۆچەری، لە گونددا لەدایکبووین. ماڵی یەکەمی ئێمە گوندەکانن. پێکهاتەی خانووی گوندیی ئێمە لە کەرەستە پێکهێنەرەکانیدا، جگە لەوەی سرووشتین، ئاواش فەزای ناو ئەو خانووانە بە بیرخەرەوەی فەزای ڕەحمی دایک و پاشان زاری ئەشکەوت و فەزا سرووشتییەکانی ترن. بە مانایەکی دیکە دەمەوێت بڵێم: هەر لەو سەرەتایەوە، شێوەژیانی ئێمە ئاراستەیەکی زانستییانەی وەرگرتووە. ئەو دوو نموونەیە خانوو و مەتبەخ ئەمە بە ئاشکرا دەسەلمێنن.

خانووی گوندی کوردی، ڕەنگدانەوەی یەکەمین هەوڵدانەکانی ئەم مرۆڤەن بۆ دروستکردنی شوێنێکی تایبەت بە خۆی، بەبێ ئەوەی زۆر لە مۆدیلە سرووشتییەکانی شوێن، وەک ئەشکەوت، دوور بکەوێتەوە. لە ڕاستییدا خانووی کورد هەمان ئەشکەوت و فەزای ئەشکەوتییە. مەتبەخی کوردیش لە چوارچێوە سەرەتاییییەکەی خۆیدا، بە پلەی یەکەم مەتبەخێکی ڕووەکییە. کۆنترین و سەرەکیترین خواردن تیایدا بریتییە لە نان و ماست. نان و ماست دوو خۆراکی هەمیشەییی ناو ئەم مەتبەخەن، کە هەردووکیان بە بیرخەرەوەی پەیوەندیی ئەم مرۆڤەن بە خاک و ئاژەڵەوە: نان بەرهەمی سرووشت و خاک و ماست بەرهەمی ئاژەڵە. ئەگەر مەراسیمی قوربانی یەکێک بێت لە نیشانەکانی سەرهەڵدانی ئایین بە مانا میتافیزیکییەکەی، ئەوە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی نان و ماست، پێویستی بە قوربانیدان نەبووە. پێویستی بەوە نەبووە بۆ ڕازیکردنی هێزێکی باڵا، یان خودایەک، قوربانی بدات بۆ ئەوەی ڕزق و قووت بەدەست بهێنێت، بەڵکوو پێویستی بە (داناییییەکی ئەزموونی) هەبووە لە بەکارهێنانی زەویدا.

---

16 ڕێبوار سیوەیلی: ترسان لە فەلسەفە. هەولێر: ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری و ڕۆشنبیری، چاپی سێیەم: 2020، ل: 150 و بەرەودوا.

دەبوو بزانێت کەی باران دەبارێت، کەی پەڵە دەدات، جۆری خاکەکەی چۆنە، وەزری ڕابردوو چی تێدا چێنراوە و بەو جۆرە. ئەم دانایيە ئەزموونییە، کە دەماودەم ماوەتەوە، هۆکاری مانەوەی کورد بووە لە پەیوەندی بە خاکەکەیەوە. بۆیە وا پێ دەچێت کوردەکان توانیبێتیان بە درێژاییی هەزاران ساڵ مانەوەی خۆیان بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ خاک و ئاژەڵدا هەیانبووە، لێبووردووانە پێکەوە بژین و پێویستییەکانی دیکەیشیان، وەک جلوبەرگ و جۆرەکانی تری خۆپاراستن هەر لە خاک و بەرهەمە ئاژەڵییەکانەوە، بەدەست هێنابێ. قوربانیی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتووری، مەراسیمگەلێکی تازەترن، کە بۆی هەیە لە دەرەوە و کۆمەڵگەکانی ترەوە هاتبن و کورد بە ناچاری دووبارەی کردبنەوە. بۆیە بە دیاردەیەکی کوردییانەیان نازانم. لە ئایینە دێرینەکانی کوردیشدا قوربانی بە هەمان مانای قوربانیی ئایینە تاکخوداکان نییە.

لەلایەکی ترەوە، کۆنترین دەقەکانی مێژوو کوردیان وەک نەتەوەیەکی سرووشتی و چیایی وەسف کردووە. ئێمە منداڵیی نەتەوەیی خۆمان لەپاڵ چیاکان و لەناو ئەشکەوتەکان و کەنار ڕووبارەکاندا بەسەر بردووە و ئەمەش ئاشکرای دەکات نەک هەر تەنیا سرووشت و چیا و ئەشکەفتەکانی، پەناگەی ئێمە و ماڵی یەکەمی ئێمە بوون، بەڵکوو ئەوەش دەردەخات کە ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمای متمانەی ئێمە بە سرووشتەوە دروست بووە. لە ڕاستیدا سرووشت نەک هەر ئێمەی لە دووژمنەکانمان پاراستووە، بەڵکوو بەرامبەر بە ژیان گەشبینیشی کردووین و ئەمەش هانی داوین بۆ ئەوەی کار لە سرووشتدا بکەین[17]. واتە لە سرووشتێکی خوداکرد و خۆڕسکەوە بیکەین بە شوێنێ بۆ حەوانەوە و بەردەوامبوون و بەپێی پێویست بەو جۆرە سوودی لێوەربگرین، کە نە ژیانی خۆمان و نە بەردەوامیی ژیان و ژینگەی سرووشتی بکەوێتە مەترسییەوە. لە پێشینەی پەیوەندیی ئێمەی کورد و سرووشتدا، بە ئاژەڵەکانیشەوە، سرووشت و گیانداران ئامراز نەبوون و هەمیشە مەبەست بوون. ئەمەش بە ڕوونی لە ماڵییکردن و بەکارهێنانی ئامانجدارانەی ئێمەدا بۆ ئاژەڵ و بۆ سرووشت ڕەنگی داوەتەوە.

بیناسازیی گوندییانەی ئێمەش بەڵگەی ئەو نزیکییە ئامانجدارانەیەمان دەخاتە بەردەست: هێڵی جیاکەرەوەی گەوڕ (وەک شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵی ماڵی) و ژوور (وەک شوێنی حەوانەوەی مرۆڤ)، پەرچە (چەپەر) و (حەوشە)یە. (ژێرخان) و (سەرخان)ـە. (تەویلە) و (دیوەخان)ـە. هیچکامێک لەمانە ئەوەندە

[17] پ. میهردادی ئێزەدی: چەردەباسێک لەبارەی کوردانەوە. و. ئەمین شوان، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2016.

لەیەکترەوە جودا و دوور نین، کە بەڵگەی خۆ بەگەورەترزانیی مرۆڤمان لە چاو ئاژەڵاندا بداتە دەست. بۆیە گوتم: ماڵی کوردی شێوەیەکی دیکەی ئەشکەوتنشینییە، کە تیایدا مرۆڤ و ئاژەڵ و کەرەستەکان جێگەیان بۆتەوە.

بە هەمان شێوە لە پەیوەندیشیماندا بە سرووشت و پێکهاتەکانییەوە:

باوباپیرانی ئێمە شوێنە بەیار و کەم بەرهەمەکانی سرووشتی وڵاتی خۆیان کردوونەتە شوێنی بەپیت و بەرهەمهێن. کەنەکەبەرد و بەردە وردکە و خاشاکی زەوییەکانیان فڕێ نەداون و لە هەمان شوێن کردوویانەتەوە بە کەڵەک و پەرژین و فۆرمێکی ئەندازیاریی جوانیشیان پێ بەخشیون. ئاوی پەنگخواردووی ژێر زەوییان کردۆتە کانیاو و لە بەراوی کانیدا زەوییەکانیان داچەندوون و بەمەش توانای زەوییان لە بەپیتبوون و بەرهەمهێناندا، بۆ دەرکەوتووە. جۆگەڕاکێشان و ئاوبردنەوە سەر شوێنە دوورە دەستەکان و دروستکردنی ئەستێرک/ئەستێڵ بۆ گلدانەوەی ئاو، چاڵاوی بەفر و سەرجەم تەکنەلۆژیای ئاودێری، داهێنانێکی کۆنی ناوچەکەیە[18]. ئەمەش سەرەتای دروستکردنی سیستەمێکی ئاودێرییە، کە پیشانی دەدات زەینی مرۆڤی ئەم ناوچەیە لە مێژە خۆی ڕزگار کردووە لەوەی هەر تەنیا لە چاوەڕوانیی وەرزی بارانبارینیدا بمێنێتەوە، کە ئەوەش لە ئایینە تاکخوداییەکاندا چاوەڕوانیی مرۆڤ لە بەزەیی و ڕەحمەتی خودا زیاد دەکات و بایی ئەوەش مرۆڤ خۆی پاسیڤ و دەستەوەستان دەکات.

ئەم خۆڕزگارکردنە نیشانەی گەشەیەکی زەینیی مرۆڤی سەرەتاییە لە شوێنێکەوە کە بە تەواوی پابەندی دەسەڵاتی وەرزەکانی ساڵە، بۆ شوێنێ کە بۆ خۆی بیر دەکاتەوە و دەسەڵاتی خۆی دەخاتەکار[19].

بەلایەکی دیکەدا، مرۆڤی کورد، وەک هەر میللەتێکی دیکەی پابەند بە سرووشتەوە، لە دروستکردنی ڕێگەوبان و پردەکاندا، لە سوودوەرگرتنی لە درەخت و بەروبوومە سرووشتییەکاندا، لە ماڵییکردن و ڕاوکردنی ئاژەڵەکاندا، هەرگیز بیرۆکەی قەڵاچۆکردن و گۆڕینی بنەمایی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ژینگەی سرووشتی نەکردۆتە بەرنامەی خۆی، هێندەی ئەوەی هاندەری خۆگونجاندن و هەڵکردنی لەگەڵ سرووشتدا کردۆتە سەرمەشق. شێوازە کۆنەکانی ڕاوکردن لەلای کوردەکان بە ئامرازی ئەوەندە ساکار بوون، کە هیچ

[18] د. ا. س. لمتون: مالک و زارع در ایران. ت: منوچهر امیری، تهران: مرکز انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سوم، 1362، ص: 32- 701 (لەباسی کوردستان)دا.

[19]ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفەی ئاکاری ژینگەپارێزی. هەولێر: ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری و ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، 2020، ل: 53-61.

مەترسییەکیان لەسەر قڕخستنی گیاندار و پەلەوەران دروست نەکردووە. ئاژەڵە ماڵییەکان، چ لە ژیانی کۆچەری و چ لە ژیانی نیشتەجێبوودا، هاوماڵ و هاوڕێی مرۆڤی وڵاتی ئێمە بوون و مەودای نێوان گەوڕ و تەویلە و دیوەخان، لەناو ژیانی سرووشتیی کورداندا مەودایەکی جیاکەرەوە نەبووە. لێرەدا دەبێت توێژینەوە لە بوونی ویژدانێکی سرووشتی بکەین، کە دەکەوێتە پێش "ترس"، "زەمیر" و "بەزەیی" ئایینییەوە. مرۆڤی ئێمە ویژدانی خۆی لە پەیوەندیی هاوبەرژەوەندی و هاوماڵەتی و پێویستییەوە بە ئاژەڵ و سرووشتییەکان گەشە پێداوە، نەک لە ترسی سزای خودایەکی تایبەت.

وڵاتی ئێمە قەڵای کەم و بەندیخانەی مێژوویی کۆن و نیشانەی تەلارسازیی دێرینەی کەمتر بەخۆیەوە بینیوە[20]. بۆیە دەبێت لە شێوازەکانی دیکەی تەلارسازی و "میعماریی سرووشتی"دا بۆ بیرکردنەوەی کوردەکان لە "شوێن"، بگەڕێین: لە لێدانی ڕێگەیەکدا بەرەو لوتکەی چیاکان و دوندی کێوەکان، ئەگەر گاشەبەردی هاتبێتە سەرڕێ، لەجیاتی بندکەندکردن و گلۆرکردنەوەی، لە جیاتی هەڵکەندن و گواستنەوەی، زیاتر بیری لەوە کردۆتەوە چۆن پێچێ بەدەوریدا بدات. لە جیاتی بڕینەوەی درەختێ، کە بۆی هەبووە هێلانەی مەلێکی بەسەرەوە بووبێ، بیری لە بڕینەوەی و لەڕەگ دەرهێنانی نەکردۆتەوە، بەڵکوو بەلایدا ڕۆیشتووە و لە لێدانی ڕێگەکەی بەردەوام بووە. ڕێگەکانی لە بەردەمی کانیاوەکانەوە لێداون، نەک لە پشتیانەوە نەبا پڕیانکاتەوە. جۆری باوی ئاوخواردنەوەی کوردەکان لە کانی، بریتییە لە داهاتنەوە بۆ ئاوەکە، بە هەمان شێوەی ئاژەڵەکانی تر. ئەخلاقی کوردەکان لە بەرامبەر ئاودا ئەمەیە: شێلوو، یان قوڕاوی نەکەیت، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: "مرۆڤ بەرد ناهاوێتە ئەو کانییەی ئاوی لێ خواردۆتەوە". یان: "کانییەک ئاوت لێخواردەوە بەردی تێ فڕێ مەدە". کوردەکان هەر تەنیا ئاو ناخۆنەوە، بەڵکوو بە سووجدەوە بۆی دادێنەوە و بینی پێوە دەنێن وەکئەوەی بیپەرستن، یان لەگەڵیدا جووت بن. ئاو و ئاوەدانی و وەبارهێنان و زانەوە، شینبوون و سەوزبوونەوە و ژیانەوە، ژن و ژینگە و ژینوار و زایین؛ لە تێڕوانینی کوردەکاندا کۆمەڵە چەمکێکی پەیوەندار و جمکن[21].

---

[20] بەڵام بیناسازییەکی قەڵای زۆر پێشکەوتوومان هەبووە، ئەمەم لە بینینی هەردوو قەڵای پاشای کۆرە لە دووکان و قەڵای خانزاد لە هەریر، هەستپێکرد. بۆ بەدواداچوونی تایبەتمەندییەکانی قەڵای کوردان، بڕوانە ئەم وتارەم: قەڵای خانزاد لە: https://www.facebook.com/rebwar.siwayli

[21] ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفەی ئاکاری ژینگەپارێزی. ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری و ڕۆشنبیری. 2020.

کەوایە لێرەوە پێشبینی هەبوونی بیرۆکە زانستی و پێش زانستییەکان، یان نەریتییەکان زۆر ئاسانە و بۆ دووبارە سازدانەوە و زیندووکردنەوەیان پێویستیمان بە میتۆدگەلیک هەیە بەرجەستەیان بکاتەوە. لە هەر یەکێک لەو شێوازانەی کورد لە ژیانی خۆیدا گرتوونیەتە پێش بۆ بەردەوامی، بیرکردنەوە، شێواز، ئاستی تێگەیشتن، ئەندازیاری، پێشبینی، عەقلانییەت، کیماگەری، ماتماتیک، سرووشتناسی، زەویناسی و کۆی ئەو زانستانە ئامادەییان هەیە کە لە ئێستادا بە زانستی فەرمی پێناسە دەکرێن.

بیرۆکەی ئاوەدانکردنەوە سەرمەشقی مرۆڤی ئێمە بووە لە کارکردنیدا لەسەر سرووشت، نەک دەستکاریکردنی و تێکدانی. چیا و دەشتاییەکانی وڵاتی ئێمە نموونەی زۆری ئەو خەت و نیشانەی ئاگربڕ و بەربەستانەیان پێوەیە، کە مرۆڤ بەهۆیانەوە ویستوویەتی سرووشتی ئێمە لە ئاگر و لافاو و جمووتن و هەرەس، بپارێزێ و ڕێگریی بکات لە تەشەنەکردنی کەوتنەوەی ئاگر و کڵەوەی لافاو و ترازانی هەرەس. لێرەشەوە کورد تێگەیشتێکی تایبەت بەخۆی لەسەر سووتان و مەترسییەکانی دیکەی سرووشت، بەرهەم هێناوە.

هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە مرۆڤی کورد تا ئەو شوێنە سوودی لە سرووشت وەرگرتووە و لە ئاستیدا بەرگری کردووە، کە مانەوەی خۆی لە تەکیدا و لەناویدا، دەستەبەر بکات و ئەمەش هاوکات بووە بەوەی نەک هەر تەنیا سوود لە سرووشت وەربگرێ، بەڵکوو خزمەتیشی بکات و بیشپارێزێت. بەڕاستیی دەتوانین بڵێین: کورد زۆر بەدەگمەن متمانەی خۆی بە سرووشت لەدەست داوە و تەنانەت وێڕای ئاگایی ئەو بە مەترسییە سرووشتییەکانیش، کەچی ئەمە ڕێگر نەبووە لە بەردەم ئەوەی ئەم میللەتە ماڵ و خانوو و شوێنی حەوانەوەی لەپاڵ ئەو مەترسییانەدا بسازێنێ. بەمجۆرەش بەڵگەیەکی زۆرمان لەبەر دەستە کە دەیسەلمێنن، کورد هەرگیز بەسەر سرووشتەوە مشەخۆر نەبووە. هێندەی ئەوەی بکەرێکی کارایە و لە میانەی کارکردن و بیرکردنەوەیدا لە سرووشت، هەم خۆی و هەم سرووشتی گۆڕیوە و هەمیشە دەستی بە پەیوەندیی نێوانیانەوە گرتووە و نەبۆتە هەڕەشە بەسەر سرووشتەوە.

هەموو ئەمانە بنەمای قسەکردن و توێژینەوەیەکی دیاردەناسانە، ڕاڤەکارانە، مرۆڤناسیانە و.. گرنگمان سەبارەت بە لێبووردەییی مرۆڤی ئەم دەڤەرە لە پێشینەی مێژووییی خۆیدا بە سرووشتەوە دەخەنە بەردەست و بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە: تێگەیشتن و پەیوەندیی مرۆڤی ئێمە لە سرووشت و بە ژینگەی خۆیەوە، زیاتر لەوەی بە تێگەیشتنە "کانت"ییەکە، ئامرازگەرایانە بووبێت، پەیوەندییەکی ئامانجگەرایانە بووە و مرۆڤی کورد لە قۆناغگەلێکی دوورودرێژی

مێژووییدا، هاوکات بە سوودوەرگرتنی لە سرووشت و بەخشندەییەکانی، وەک ئامانجێکیش سرووشتی بینیوە و بوونی خۆی لە پەیوەست بە سرووشتەوە بینیوە، نەک لە (سەرەوەی) و نەک وەک (خاوەنی).

سرووشت بابەتی یەکەمی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئێمە بووە و لە ئاستی ئایینێکدا پەرستوویەتی. شیعری ئێمە بەڵگەیەکی ڕوونی ئەم پەرستنەی سرووشتەمان دەداتێ: زۆرینەی وەسفەکانی مرۆڤ بۆ ژن و جوانی و باڵایی (Sublime)، وەسفن بە بەراوورد بە دیمەن و ڕەگەزە سروشتییەکان. پێوەری یەکەم لە جیهانبینیی کوردەکاندا بۆ جوانی و باڵایی و نەمری، بریتییە لە سرووشت و ئەمەش پێویست بە نموونەهێنانەوە ناکات و جوانترین ڕەنگدانەوەی ئەم سرووشتنۆڕییە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا نموونەی شیعرەکانی جەزیری، مەولەوی و نالی و لە شیعری مۆدێرنیشماندا، شیعرەکانی (عەبدوڵا گۆران)ن..

زۆرباشە، هەموو ئەمە دەکەوێتە خانەی نەریت و میراتی کولتوورییەوە. بەپێی تێڕوانینە باوەکەش بێت، نەریت و میراتی کولتووری، لە ئاست زانستدا بە مانا مۆدێرنەکەی، دەکەونە بەرەی دواکەوتوویی و چەقبەستووییەوە. بۆیە دەبێت لێرەدا قسەی زیاتر بکەین:

**بەشی سێیەم:**

**زانستی فەرمی و دانایی نەریتییانە:**

لەگەڵ درێژبوونەوەی مێژووی مرۆڤایەتی لەو پنتەوە کە دەتوانین دەستنیشانی سەرەتاکەی بکەین تا ئێستا، کولتوور و ڕوانگە نەریتییەکان لە هەموو جیهاندا، تێڕوانینی جیاوازیان بۆ سروشت هێناوەتە ئاراوە.. زۆربەی ئەمانەش ڕەگ و ڕیشەیان لە بیروباوەڕی نەریتیدا هەیە، کە خەڵکی ڕەسەن بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ژینگەی بایۆفیزیکی خۆیان بەکاری دەهێنن و بە درێژاییی ساڵانی پڕ ئەزموونیان کەڵەکەیان کردوون[22]، ئەم ڕوانگەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژینگە بەشێکی دانەبڕاو لە شوناسی کولتووری و یەکپارچەییی کۆمەڵایەتیی زۆربەی دانیشتووانی ڕەسەن پێک دەهێنن. لە هەمان کاتدا، زانیارییەکانیان سامانێکی زۆر لە حیکمەت و ئەزموونیان لەگەڵ سروشت بەرجەستە دەکات، کە لە ماوەی

[22] Maurizio Iaccarino: Science and culture. Western science could learn a thing or two from the way science is done in other cultures. *EMBO reports* VOL 4, NO 3, 2003. p: 220.

هەزاران ساڵدا لە چاودێری ڕاستەوخۆدا بەدەستیان هێناوە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بە شێوەی زارەکی دەگوازرێنەوە. لێرەدا مانەوەی کولتووری زارەکی بە درێژاییی هەزاران ساڵ وەک تاکە میدیایەک، گرنگی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە ئاشکرا دەکات، کە ئەم کولتوورە زارەکییە هەیبووە[23].

لێرەوەیە کە گرنگیی ئەم داناییە کەڵەکەبووەی مرۆڤایەتی و گەلان وردە وردە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەناسرێتەوە و دانی پێدا دەنرێن. جگە لەوەش زانست و نەریت وەک دوو ڕووی هەمان دراو دەبینرێن[24]. تەنانەت هەموو پرسیارە گرنگەکانی زانست، وەک ئێمە کێین و بوون چییە و پێگەی سرووشت لە کوێی گەردووندایە، پێشتر هەموویان لە داناییی نەریتیانەدا پرسیاری گرنگ و زیندووبوون و هەوڵی وەڵامدانەوەشیان دراوە[25].

لەم ڕوانگەیەوە مادەی ٨ی ڕێککەوتننامەی "جۆراوجۆریی بایۆلۆجی" داوامان لێ دەکات "**ڕێز لە زانیاری، داهێنان و چالاکی کۆمەڵگە نەریتی و ناوخۆیییەکان بگرین، بیانپارێزین بەو شێوەیەی کە شێوازی ژیانی نەریتی بەرجەستە دەکەن کە پەیوەندییان بە پاراستن و بەکارهێنانی بەردەوامی جۆراوجۆری بایۆلۆجیەوە هەیە.**"[26] سەرەڕای ئەوە، زانیاریی نەریتی یان ڕەسەن وەک مۆدێلێک بۆ کارلێکی تەندروست لەگەڵ ژینگە و بەکارهێنانی ژینگە وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی سوودبەخش بۆ ئەوەی دیدگای نوێ سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشت بەدەست بهێنرێت، دۆزرایەوە.

بەڵام کێشەی سەرەکیی ئێمە لە ئێستادا بەرامبەر نەریت ئەوەیە چۆن زانیاری و داناییان لەبارەوە بەدەست بهێنین لە کاتێکدا زۆربەی ئەو چالاکیی و کردە و داهێنانانە وەک پیشە و پراکتیک نەماون، یان زۆر کز بوون و بگرە بوونەتە جێی شەرم. هیچ پێناسەیەکی گشتگیرمان لەبەر دەستدا نییە و وەک پێشتریش گوترا، زۆر زاراوە و چەمک بەکار دەهێنرێن بۆ وەسفکردنی ئەوەی مرۆڤی خاوەن ئەو کولتوورانە دەیزانن[27]. بۆ نموونە ئێمە شتێکی ئەوتۆ لە بارەی

---

[23] ڕێبوار سیوەیلی: مێژووی هزری کۆمەڵایەتی. ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری و ڕۆشنبیری، هەولێر، 2013، بەشی یەکەم.

[24] Basarab Nicolescu :Science and tradition Two spokes of a single wheel'; in:TheCourier 1986, p: 25- 28.

[25] J. P. Singh: United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO), Creating norms for a complex world. 2011.

[26] The Convention onBiological diversity10 years ontaking stock,looking forward.https://books.google.iq/. 30. 10. 2022.

[27] Julian T. Inglis: (Edited) Fikret Berkes: Traditional Ecological Knowledge in Perspective. Conceptes and Cases 1993, p: 3.

زانیارییە نەریتییەکان، ژینگەیییەکان، فۆلکلۆر، زانینی جوتیاران، ڕاوچییەکان، شاخەوانەکان، بەرگدرووەکان، مزگەرەکان، خومچییەکان، کاریزکەنەکان، درویَنەکەران، وەستاکانی بینا و شەڕکەران و خواردنە نەریتییەکانەوە و.. نازانین. لە کاتێکدا هەموو ئەم پیشانە هەریەکەیان زانینێکی هەزاران ساڵەیان لە پشتەوەیە.. زانینمان لەبارەی وشککردنەوەی خۆراک، شیرەمەنییەکان، هەڵگرتنی خۆراک و سەدان جۆری دیکەی زانیاریمان لە ژێر هێرشی دنیای پیشەسازی ئەلیکترۆنیدا لێ بزر و نامۆبووە، لە کاتێکدا هەموو ئەوانە بە درێژاییی هەزاران ساڵ بونیادی بیرکردنەوە و زمانی ئێمەیان پێک هێناوە.

زۆرێک لە دانیشتووانی وڵاتی ئێمە بۆ بەڕێکردنی بژێوی ژیان و مانەوەیان، بە درێژاییی هەزاران ساڵ، پشتیان بەو ژینگەیە بەستووە کە ڕاستەوخۆ تێدای ژیاون. ئەمە بۆ زۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهانیش ڕاستە.. ئەم خەڵکە، کە ژیانیکی نەریتییان هەبووە، بە تێپەڕبوونی کات، ڕێگەیەکیان پەرە پێداوە بتوانن بەکاری بهێنن بۆ خۆپاراستن و بەردەوامی. بۆیە ئەم کۆمەڵگە و جۆرە مرۆڤانە گرنگییان بە زۆری بەرهەمهێنان نەداوە، هێندەی ئەوەی دەستیان بە سرووشت و سەرچاوەکانییەوە گرتووە و سەقامگیری و مانەوەیان بۆ گرنگتر بووە. بۆیە بیرۆکەی بەکارهێنانی سرووشت، یان بەهەڵەبەکارهێنانی و دەستدرێژیکردنە سەر سرووشت، نامۆیە بەم جۆرە ژیانە. بە پێچەوانەوە شێوازی ژیانیان لەسەر بنەمای هەستێکی هاوبەشی پەیوەندارەوە کە ڕیشەکەی ئەوەتا لە بنەمای "پێویستبوون بەیەکتری"دایە، نەک هەستی گوناە، یان ترس و قوربانیدان. کەوایە پێش سەرهەڵدانی ئایینەکانیش ئەم هەستە هاوبەشە مرۆیەکانی دنەداوە بۆ مانەوە لەگەڵ سرووشت و بەکارهێنانی ئاکارێکی هاوسەنگ.

بۆیە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ژیانیش هەر لەم ڕوانگە ئاکارییەوە تەماشایان کراوە، چونکە هەموو لیی سوودمەند بوون و هەمووانیش پێویستیان پێی هەبووە. واتە زانینێکی هاوبەشیشیان لەم بارەیەوە هەبوەوە و گێل و گەمژە نەبوون. دەکرێت لە ئێستاشدا سوودی پراکتیکی لەم زانینە وەربگیرێت[28].

کەواتە زانستی نەریتی، یان شارەزایی و لێزانین، جۆرێکە لە زانستی خۆماڵی، چەمکگەلێکی ڕەسەن و ڕەگاژوون لەو کۆمەڵگەیانەدا، کە جەخت لەسەر هاوژیانی مرۆڤ و گیانداران و سرووشت دەکەنەوە. ئەم چەمکانە ڕوانگەیەک پێشکەش دەکەن بۆ مانەوە، کە جێگرەوەی نییە. دانایی نێو ئەم ڕوانگەیە لەسەر

[28] Fikret Berkes: Traditional Ecological Knowledge in Perspective. Conceptes and Cases 1993, p:5.

بنەمای پێکەوەژیان و هەستپێکردن بە (سرووشت و ئاژەڵان و باڵندە و ڕووەکەکان و ئاو و زەوی و بگرە شتەکانیشەوە بەندە). مرۆڤ لە کۆمەڵگەی نەریتییدا بە هەمان ئەو شێوەیەی پێشبینی مەترسی لەسەر کەمبوونەوەی خۆراکی بۆ خۆی کردووە، بۆ ئاژەڵانیشی کردووە. کاتێک بەرگ و زین و کورتانی بۆ کەر و وڵاخ درووە، بیر و هەستی خۆی بەو پیشەیە داوە تا پێویستییەکانی ئەو ئاژەڵانە بۆ سەرما و گەرما و خۆپارێزی دابین بکات، بە هەمان شێوەی کە جلوبەرگی بۆ خۆی درووە. لەگەڵ دروستکردنی کەوش و کڵاشدا بۆخۆی ناڵی بۆ گوێدرێژ و وڵاخەبەرزەش دروست کردووە.

هەموو ئەمانەش ئەنجامی پێکەوەگونجان، (تێبینکردن)، (ئەزموون) و (تاقیکردنەوە)ی ژیانێکەوە لەگەڵ ئەو زیندووانە بووە. تێبینیکردن، ئەزموون و تاقیکردنەوەش لە بنەما جیگیرەکانی زانستی مۆدێرنن. هەر ئەم بنەمایانەن کە وایان کردووە، خەڵکە نەریتییەکە بە درێژاییی هەزاران ساڵ خۆیان لەگەڵ گۆڕانکاریی ژینگەیی (قات و قڕی، پەتاکان، وشکەساڵی، لافاو و زەویلەرزەکان)، بگونجێنن. هەر لە ژێر گوشاری ئەم گۆڕانکارییانەشدا بووە، کە بیر و هزریان جووڵاوە و ئەو کەرەستە و تەکنەلۆژیانەیان بەرهەم هێناون کە ژیانیان بۆ ئاسانتر کردوون. ئەمە جگە لەوەی بڕیاری ستراتیژییان لەبارەی ساخلەمی و چارەی پزیشکی، بەخێوکردنی ماڵات، ئیدارەی ئاو، دابینکردنی جلوبەرگ و خۆپاراستن لە دەستدرێژییەکان داوە[29]. فەلسەفەی ئەم ڕوانگەیە ئەوەیە: کە هەموو شتێکی خۆماڵی و ئێرەیی، دەرمانی دەرد و چارەسەری کێشەکانمانە.

ئەوە سرووشتی گشت کولتوورەکانە، کە بە ناولێنان و چەمکاندنی تێبینی و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیان لە ناو ئەو کەشی ژیانەدا کە تێیدا ژیاون، زانیارییان کەڵەکە کردووە و باشتر لە خۆیان و ژینگەیان تێگەیشتوون[30]. ئەوەش ڕاستە کە ناتوانین ئەوەی ئەوان وەک دانایی و زانین و باوەڕ کەڵەکەیان کردووە، بەهۆی دووبارەکردنەوەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیانەوە فێر ببین، ئەگەر لە هەمان کاتیشدا جیهانبینییەکەیان شارەزا نەبین و لە ناویدا نەژین. ئەگەر بە دووبارە کردنەوەی میکانیکیانەی ئەو شتانە بێت کە لەوانەوە بۆمان ماوەتەوە، کارەکە ئاسان بوو، وەلێ بەبێ لەخۆگرتنی جیهانبینی و باوەڕەکەیان ئەستەمە ئەوە دووبارە بکرێتەوە. بۆ نموونە سیستەمی ماتماتیکی ژماردن بە دەست لە کاتی گوێز و بەرووبووم ژماردندا، شتێک نییە هەروا بە ئاسانی

[29] Marie Roue and Douglas Nakashima: Knowledge and foresight: the predictive capacity of traditional knowledge applied to enviromental assessment. UNSCO 2002, p: 340-343.

[30]Maurizio Iaccarino: Science and culture, p: 221-222.

دووباره بکرێتەوە. مەسەلەکە هەر تەنیا پەیوەندی بە بەکارهێنانی دەستەوە و لێکدان و کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکانەوە نییە، هیندەی ئەوەی پەیوەندیشی بە بڕواوە هەیە. لەو سیستەمەدا جار هەیە پێش ژماردن، پێشبینیی ژمارەکانی جۆرە بەرووبوومێک دەکرێت و لەگەڵ ژماردنیشدا وێک دێتەوە. جووتیار لەسەر خەرمان دەزانێت چەند تەنەکە بەرهەمی هەیە و چەند هەزار گوێزی دەستکەوتووە! وڵاخدار بە تەماشاکردنی ددانی وڵاخ و ئاژەڵەکانی دەزانێت تەمەنیان چەندەیە و بەپێی ئەوەش نرخ و هێز و توانایان دەستنیشان دەکات. تێکەڵکردنی قووڕ، کا، موو و ئاو شارەزاییەکی زۆری دەوێت و هەڵبژاردنی گڵ بۆ گۆزەگەری هەر پەیوەندی بە جۆری گڵەوە نییە، ئەگەر تام نەکرێت. بە هەمان شێوەش هەڵبژاردنی گوڵ و ڕووەکەکان و جۆری خواردنەوە و شۆرباکان بۆ دەرمان و چارەسەر هەر تەنیا ناوەستێتە سەر ناسینی جۆری گوڵ و ڕووەکەکان. هەموو ئەمە چیمان پێ دەڵێت؟ پێمان دەڵێت کە هەر کولتووره بەپێی ژینگەی خۆی جیهانبینی بۆ کەسانێک دروست کردووە، کە لەو ژینگەیەدا ژیاون. بۆیە هیچ کولتوورێک ناکرێتە پێوەر بۆ تێگەیشتن لە کولتوورێکی دیکە. هەر کولتووره ستاندارد و پێوەری خۆی لە خۆیەوە بەدەست دەهێنێت، ئەمە بۆ زانستیش ڕاستە.

کەواتە زانستی خۆرئاواش ناتوانرێت بکرێتە پێوەری ڕەها بۆ تێگەیشتن لە هەموو کولتوورەکان و بۆ تێگەیشتن لە هەموو ڕاستەقینە. زانستی فەرمی لایەنگیرێکی سەرسەختی میتۆدی شیکاری و تاقیگەیی و گشتاندنە. لە کاتێکدا زانستی نەریتی، لەسەر ئەزموون و دووبارەکردنەوە بەندە و هیچ پشت بە تاقیگە و ماتەریالیزم نابەستێت[31] و پشت بە "پیرۆزی" و پێشبینی و خەملاندن دەبەستێت.

زانستی ڕۆژئاوا بابەتی و چەندایەتییە بە پێچەوانەی مەعریفەی نەریتییەوە کە بە شێوەیەکی سەرەکی خودییانە و چۆنایەتییانەیە. زانستی ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای گواستنەوەی ئەکادیمی و خوێندەوارییەوە دامەزراوە، لە کاتێکدا زۆرجار زانستی نەریتی بە شێوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لەلایەن گەورەکانەوە دەگوازرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ خوێندەوارییەکیان هەبێت.. زانستی ڕۆژئاوا بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆی لە چوارچێوەی ژیانی خۆی جیا دەکاتەوە و دەیسپێرێت بە تاقیگە و ئامێری چاودێری و شیکاری. ئەمەش بەو مانایەیە کە

[31]Maurizio Iaccarino: Science and culture, op. cit.

زاناکان خۆیان لە سروشت جیا دەکەنەوە، کە بابەت و سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانییەتی[32].

لەگەڵ ئەوەشدا کە مێژووی زانست لە خۆرئاوا هەموو زانینێکی دەرەوەی خۆی خستۆتە پەراوێز و وەک دواکەوتوو، سەرەتایی و (**پێشزانست**) پێناسەی کردوون، کەچی لە کولتوور و فەلسەفەی هاوچەرخی ڕۆژئاوادا هەندێک بیرۆکەی سەرنجڕاکێش و واقیعییانە گەڵاڵە کراون، کە جێی ئاوڕدانەوەی پێویستن.

فەیلەسووفی نەمسایی پۆڵ فایرابەند (1924-1994) یەکێکە لەوانە، کە بوێرانە ئەو گریمانە جێگیر و بەپیرۆزکراوەی خستە ژێر پرسیارەوە کە دەڵێت: تەنیا زانستی ڕۆژئاوا پێوەرەکانی دیاریکردنی ڕاستییەکانی لە دەستدایە. وەک فایرابەند ئاماژەی پێ کردووە، هەر جۆرە زانینێک تەنیا لە چوارچێوەی کولتووری خۆیدا مانای هەیە. بەلای ئەم بیرمەندەوە، هیچ ڕێسایەکی جێگیر و پێوەرێکی دەستنیشانکراو نییە ڕەوتی زانست ڕێنوێنی بکات: "**کوا ئەو ڕێسایانەی زانا و فەیلەسووفەکان بەرگرییان لێ دەکەن بەو بەهانەیەی ئەوانە شێوەیەکی ڕێکخراوی میتۆدی زانستین، یا ئەوەتا بێسوودن، یانژی لاوازن**"[33]. بە بڕوای فایرابەند "گشت ئەو میتۆدۆلۆژیانەی فەلسەفەی زانست ناسیونی پێوەرگەل و ڕێسای جێگیر و گشتمەند، دەسەپێنن، ئەویش بەهۆی باڵادەستکردنی میتۆدێکی تایبەتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری بەرتەسک کردنەوەی پانتایی زانست و خنکاندنی توانا عەقڵییەکان و کپکردنی هێزی خەیاڵ و سنووردارکردنی تواناکانی داهێنان[34].

فایرابەند لەو بڕوایەدایە، کە یاسا زانستییەکان پێویستە لە کردەی واقیعییانەوە دەربهێنرێن، چونکە مرۆڤ بکەری نێو واقیعە و خۆیشی سەرچاوەی زانستە نەک میتۆدە پێشتر ئامادەکراوەکان. بۆیە دەنووسێت: "زانست هیچ نییە لە بەرەئەنجامی توێژینەوە زیاتر، بە هیچ شێوەیەک پەیگیریکردنی یاساگەلیکی دەستنیشانکراو نییە. لێرەشەوە ناتوانین بەوە حوکم بەسەر زانستدا بدەین تاکوو

[32] Marie Roue and Douglas Nakashima: opcit, UNSCO 2002, p: 39.

[33]باول فیرابند: العلم فی مجتمع حر. ترجمة و تقدیم و تعلیق: السید نفادی. المجلس الاعلی للثقافة، قاهرة، 2000، ص: 113.

[34] ط. د. بوعلام الزهرة: الابستمولوجیة الفوضویة عند بول فیرابند و التفسیر الاعقلانی لتطور العلم. مجلە الحکمة للدراسات الفلسفیة 10، العدد 2، 2022، ص: 567.

یاساگەلیی مەعریفییانەی ڕووت بەکار بهێنێت، ئەگەر ئەو یاسایانە بەرەنجامی پەیڕەوکردنی ئەو چالاکییە مەعریفیانە نەبن، کە هەمیشە لە گۆڕاندان"[35].

بەم جۆرەش فایرابەند ڕێگەخۆش دەکات بۆ ئەوەی بڵێت: "کەسانی نێو کولتوورە جیاوازەکان هەردەم ڕێگاچارەیان بۆ کێشەکانی خۆیان دۆزیوەتەوە. ئەگەر ئەوانە بەم کارانەیان پەیوەندیی نێوان ئاراستەکانی وەک زانست و ئایین، بەشەکانی وەک فیزیا و کۆمەڵناسی... یان تێکشاندبێت، شتێکی سەرسووڕهێن نییە، ئەوە ڕێک کاری ئەوانە. هاوارکردن لە دەست "نەمانی هاوسەنگی" لەنێوان بەشە جیاوازەکانی زانستی مرۆییدا، بە مانای عەیبداربوون و بێسوودی ڕێکخستن و زەبت و ڕەبتێکە، کە بە ماوەی هەزاران ساڵ پێگەیشتووە تا گەیشتۆتە ئێستا. ئەوانەی دەم لە ڕێکخستەوە دەدەن، بە شێوەیەکی گوماناوی لەو حاکمە ستەمکارانە دەچن کە دەیانەوێت گشت ئەو هەمەڕەنگییەی (لە جیهاندا)، دەیبینن لە سێبەری حوکوومەتە هاوسەنگ و گونجاوەکەی خۆیاندا ڕکێف (لغاو)، بکەن"[36].

کەوایە فایرابەند دەستپێشخەری دەکات بۆ جێکردنەوەی جیاوازیی مەعریفی لە بواری زانستدا و سەندنەوەی سەنتەریزم لە گوتاری زانستیی خۆرئاوا، بۆ جێکردنەوەی گوتارە زانستییەکانی دیکەش. چونکە کاتێک لە تاکرەهەندی زانستی ڕزگارمان دەبێت، هەمەڕەنگی دەگەڕێتەوە بوارەکە و ئەمەش "بواری گفتوگۆ"کردن دەدات. لێرەشەوە فایرابەند داوای فرەمیتۆدی لە بواری پەروەردەدا دەکات بۆ ئەوەی قوتابی بکەوێتە بەردەم کۆمەڵێک زانیاری هەمەڕەنگ. واتە لە کەنار زیندەوەرزانی و گەشەی گەردوون و پێشکەوتنی فیزیا و زانست، کەمێکیش جادووگەری و ئەستێرەناسی و ئەفسانەش بخوێنێت[37].

بەم جۆرەش، زەمینە خۆش دەکرێت بۆ دەرچوون لەژێر دەسەڵات و گشتاندنی کۆلۆنیاڵیستانەی ئەورووپایی، کە بە هۆی گشتاندنی تێگەیشتنە کولتووری و پەروەردەییەکانی خۆرئاواوە بەشێکی زۆری نەریتە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەکانی سڕیوەتەوە، کە بە ماوەی هەزاران ساڵ ڕەگوڕیشەیان داکوتاوە. پێناچێت کولتووری گڵۆباڵیزم و تۆڕی کۆمەڵایەتیش لەم ڕیشەکێشکردنە کەم بکاتەوە، بگرە دۆخەکە خراپتر دەکات. چونکە لە بنەمادا درووشمی ئەم کولتوورە بەرەو

35 باول فیرابند: العلم فی مجتمع الحر. 2000، ص: 113-114.

[36] پل فایرابند: استبداد علم. ت: محسن خادمی، تهران: پگاه روزگار نو، چ. أول، 1399، ص: 39-40.

[37] شاذلی هورای: فی فلسفة بول فیرابند (من الصرامة المنهج الی التعددیة المنهجیة. لحوار الثقافي، Volume 1, Numéro 1, ص: 105. 21-09-2012.

یەکسانکردن و چوونیەککردنە، لە کاتێکدا کولتووری نەریتی لەسەر بنەمای فرەیی و جیاوازییەوە دروست بووە.

هەڵبەت من بانگەشەی ئەوە ناکەم، کە زانستمان بە مانا مۆدێرنەکەی پێویست نییە، یان گرنگ نییە، چونکە دانایی زانستییانەی مۆدێرن سێسەد ساڵ زیاترە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و لە کۆمەڵگە پێشکەوتووە و پەراوێزییەکانیشدا پێگەیەکی باڵادەستی لە چارەسەرکردنی زۆرێک لە کێشەکاندا هەیە.

بەڵام ئەوەش لۆژیکی و عاقڵانە نییە بگوترێت لە دەرەوەی ئەم زانستە هیچ زانستێکی دیکە نییە، یان ئەوەی کە هەیە زانستانە نییە. ئەم ڕوانگەیە هەمەچەشنەیی و جیاوازیی مەعریفەی مرۆیی دەکاتە شتیکی یەکپارچە و تاکڕەهەند. لە کاتێکدا لە هەر کولتوور و وڵاتێکی ئەم جیهانەدا نەریتێکی زانستی و ژیرانەی سەربەخۆمان هەیە، کە نابێت بیربچێتەوە چونکە ئەم کولتوورە بەرئەنجامی خۆگونجاندنی هەزاران ساڵەی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە لەگەڵ ژینگەکەی و بە درێژایی هەزاران ساڵیش چارەسازی کێشە و دەردەکانی ئەو شوێنە خۆماڵیایی و کۆمەڵگەیانە بووە، کە تێیاندا سەری هەڵداوە.

بۆیە گرنگە بگەڕێینەوە سەر بنەما داناییناسییەکانی ئەم زانستە نەریتییانە و خۆمان لە تاکڕەهەندی زانستی ئەورووپایی بپارێزین. ئەمەش بە مانای ڕەتکردنەوەی سیستەمی دانایی ئەورووپایی نایەت، هێندەی ئەوەی بۆ ئەوەیە ئەو داناییە بخەینە پێگەیەکی مشتومڕئامێزەوە لەگەڵ دانایی نەریتی. بەتایبەتیش کە ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر دەزانین ئەم دوو جۆر بیرکردنەوەیە، ئەوەندەش دژ و ناکۆک نین، وەکئەوەی خراوەتە مێشکمانەوە. ئەمڕۆ زیاتر لە هەر سەردەمێک بۆ زانایان دەرکەوتووە، کە زۆر شت لە ڕوانگە نەریتییەکاندا هەیە، کە شیاوی سوود و گونجاندنە لەگەڵ زانستی مۆدێرن. بگرە تەواوکەری یەکتریشن. ئەوەی گرنگە دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەشە نەک ڕەتکردنەوە و یەکتری سڕینەوە، کە میراتی کۆلۆنیالیزم بوو. گرنگە ئەوەش بزانین کە ئێستا خودی ئەورووپاییەکان و فەیلەسووفەکانی زانستیش لەو هەرێمە تا ڕادەیەکی زۆر دەستیان لەو میراتە گشتێنەرەی زانست شتووە لە هەوڵی ڕاستکردنەوەیدان، لە کاتێکدا سیستەمی پەروەردەیی و خوێندنی ئێمە توند خۆی پێوە شەتەک داوە و وەک میراتێکی پیرۆز تەماشای دەکات.

ئێمە لە هەریمی کوردستاندا بەوەی بە توندی خۆمان بەیەک نەریتی زانستییەوە ببەستین، گرنگە میراتی زانستی و هزری کردەیی خۆشمان زیندوو بکەینەوە و بایەخی پێ بدەین، چونکە کولتووری ئێمە زۆر شتی تێدایە کە چارەسەری کردەیی بۆ کێشە ناوخۆییەکانمان پێیە و دەشتوانێت بۆ

کولتوورەکانی دیکەش پێویست و سوودبەخش بێت. ئەزموون و میراتی جووتیاری لە وڵاتی ئێمەدا لەسەر داناییەکی کردەیی و ئەزموونی و تاقیکاری گرنگ و دەوڵەمەندەوە دامەزراوە و شارەزایانی ئەم بوارە دەتوانن مامۆستای گەورەی ئەم بوارە بن. ئەزموونی ئەم بیست ساڵەی دوایی جووتیارانی ئێمە ئەوەی دەرخستووە، کە زانستێکی بەرز و دەگمەنیان پێیە.

**قسەی کۆتایی:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی ئەمڕۆ گواستنەوەی ئەزموون و لیکترەوە فیربوونە. بۆ ئەمەش گرنگە خۆمان بۆ پەیوەندییەکی دیکە لەگەڵ جیهاندا ئامادە بکەین و لە پەیوەندیی ملکەچانەمانەوە بە ئەورووپا خۆمان قوتار بکەین.

پێویستە ئێمە دیدەگای خۆمان هەم لە ئاست زانست و هەمیش لە ئاست نەریتدا بگۆڕین. بە گۆڕینی ئەم دیدەگایە ڕێگای دیکەی فێربوون و زانینی نوێ دەدۆزرێتەوە. گەڕانەوە بۆ ئەو میراتە دەوڵەمەندەی مرۆیەکان لە هەگبەی ئەزموون و ژیانی خۆیاندا پاراستوویانە، دەریچەی نوێمان لەسەر زانستە نەزانراوەکان بۆ دەکاتەوە. گرنگە چەندە خۆمان بەرەو ڕووی زانستی مۆدێرندا بکەینەوە، ئەوەندەش لە ئاست جۆرەکانی زانینی نەریتیدا کراوە بین. هیچ ئاسۆیەکی ڕوانین بەتەنیا بێ سنوور و بێ کەموکوڕی نییە، ئەوەی کەموکوڕی ئاسۆکانی ڕوانین و کەلێنەکان پڕ دەکاتەوە، گۆڕینەوەی ئەزموونەکان و لێکترەوەفێربوونە.

هەر سیستەمێکی زانین، هەڵگری سنوورەکان و ڕوانگەی خۆیەتی و نابێتە جێگرەوەی سیستەمەکانی تری زانین و دانایی. ئەمە بۆ سیستەمی داناییی ئەورووپاش ڕاستە و ئەو سیستەمەش کە ڕۆژگارێکی زۆر بەهۆی میتۆدە ئەزموونی و شیکارییەکەیەوە گەیشتبووە لوتکە، پێویستی بە خۆگونجاندن لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی زانین هەیە و ڕاستەقینە بە تەنیا لە یەک ڕوانگەدا نییە. زانست هەر بەتەنیا ئەوە نییە کە بەرهەم هاتووە، بەڵکوو ئەوەشە کە بەرهەم دێت و لەمەشدا هەموو گەلان و کولتوورەکان بەشدارییان هەیە.

خودی زانایانی ئەوروپایی و فەیلەسووفانی زانستیش لەو بڕوایەدان ئەگەر زانست لە ئەورووپا بیەوێت بەرەو داهاتوو بچێت پێویستی بە گوێگرتن و چوونە دیالۆگ لەگەڵ سیستەمەکانی دیکەی زانست و تێگەیشتن هەیە[38]. وەک بینیمان

[38] Milton M. R. Freeman :The Nature and Utility of Traditional Ecological Knowledge. Northern Perspectives. Published by the Canadian Arctic

زانستی نەریتی ئەوەندەش دژ و ناکۆک نییە لەگەڵ زانستی فەرمی لە ئەورووپاوە هاتوو. یەکێک لە گرنگییەکانی زانستی نوێ دەوڵەمەندبوونیەتی لە بواری زاراوەکانیدا کە بە هۆیانەوە ڕوانگەکانی خۆی ڕوون و پوختە دەکاتەوە، بۆیە گەڕانەوە بۆ زانستی نەریتی لەمەشدا کاریگەریی زۆری هەیە و زمانی زانستیمان دەوڵەمەند دەکات. ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی میتۆدییەوە چڕتر دەبێتەوە[39].

زانستی ڕۆژئاوا و مەعریفەی نەریتی ڕێگای جیاواز بۆ بەدەستهێنانی زانین دەگرنەبەر، بەڵام ڕەگیان لە یەک واقیعدا داکوتاوە. تەنها لە گرنگیدان بە مێژوو و دەوڵەمەندی کولتووریمان دەتوانین قازانج بکەین[40].

---

Resources Committee Volume 20, Number 1, Summer 1992. https://www.researchgate.net/profile/Milton-Freeman/publication/269576083_The_nature_and_utility_of_traditional_ecological_knowledge/links/552d546d0cf21acb092172a2/The-nature-and-utility-of-traditional-ecological-knowledge.pdf

[39]Maurizio Iaccarino: Science and culture, p: 23- 24.

[40]***Fulvio Mazzocchi*** Western science and traditionalknowledgeDespite their variations, different forms of knowledge can learn from each other: https://scholar.google.com/scholar.

**سەرچاوەکان:**

1. جرج سارتن: گفتارهای در تأریخ علم. ت. غلامحسین صدری افشار، تهران: اییژ، 1388، ص: 1
2. **The Sec**retariat of the convention on biological diversity the convention on biological diversitywebsite: http://www.biodiv.org .1992.
3. Glen S. Aikenhead: Science Education: Border Crossing into the Subculture of Science Published in Studies in Science Education, 1996
4. احسان الاسود: الشرق والغرب في نظرات متبادلة. 25 تشرين الأول/أوكتوبر 2021. https://www.harmoon.org/opinions
5. Maurizio Iaccarino: Science and culture. Westeren science cuuld a thing or two from the way science is done in other cultures. european molecular biology organization , vol 4, no 3, 2003.
6. شاذلی هورای: فی فلسفة بول فیرابند، من صرامة المنهج الى التعددية المنهجية. الحوار الثقافي، Volume 1, Numéro 1, 2012
7. .http://denstoredanske.dk/
8. .https://www.dr.dk/studie/samfundsfag/portraet-af-huntington
9. سامۆئیل هانتنگتۆن: پێکدادانی شارستانییەتەکان. و. فەیسەڵ خەلیل، هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، 2016
10. کلیفورد کانر: تاریخ علم مردم. مترجم: حسن افشار. تهران: نشر ماهی، 1390.
11. الدكتور یونس ولیدی: حوار الحضارات بین الفكر الغربي والفكر العربي الاسلامي، لە: https://www.youtube.com/watch?v=idSCkI53jVI
12. ڕێبوار سیوەیلی: **کورد و شارستانییەت** (هەندێ بیرۆکە بۆ بابەتێکی گرنگ). ئەم باسە سەرەتا لە زانکۆی چەرموو (2021/6/26) پێشکەش کرا و پاشان لە کتێبی (سەد وانەی ڕێفراندۆم، 2022).
13. ڕێبوار سیوەیلی: ترسان لە فەلسەفە. هەولێر: ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری و ڕۆشنبیری، چاپی سێیەم: 2020.
14. پ. میهردادی ئێزەدی: چەردەباسێک لەبارەی کوردانەوە. و. ئەمین شوان، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، 2016.
15. د. ا. س. لمتون: مالک و زارع در ایران. ت: منوچهر امیری، تهران: مرکز انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ سوم، 1362.
16. ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفەی ئاکاری ژینگەپارێزی. هەولێر: ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری و ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، 2020.

17. ڕێبوار سیوەیلی: قەڵای خانزاد لە: https://www.facebook.com/rebwar.siwayli
18. Maurizio Iaccarino: Science and culture. Western science could learn a thing or two from the way science is done in other cultures. *EMBO reports 2003.*
19. ڕێبوار سیوەیلی: مێژووی هزری کۆمەڵایەتی. ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاری کولتووری و ڕۆشنبیری، هەولێر، 2013.
20. Basarab Nicolescu : Science and tradition Two spokes of a single wheel'; in: TheCourier 1986.
21. J. P. Singh: United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO), Creating norms for a complex world. 2011.
22. The Convention onBiological diversity10 years ontaking stock,looking forward.https://books.google.iq/. 30. 10. 2022.
23. Julian T. Inglis: (Edited) Fikret Berkes: Traditional Ecological Knowledge in Perspective. Conceptes and Cases 1993.
24. Fikret Berkes: Traditional Ecological Knowledge in Perspective. Conceptes and Cases 1993.
25. Marie Roue and Douglas Nakashima: Knowledge and foresight: the predictive capacity of traditional knowledge applied to enviromental assessment. UNSCO 2002.
26. جرج سارتن: گفتارهایی در تاریخ علم. ت: غلامحسین صدری افشار. تهران: اییژ، 1388.
27. جان لینهان: علم در عمل. ت. منیژه مدبر. تهران: 1390.
28. دانالد گیلیس: فلسفه علم در قرن بیستم. ت: حسن میانداری. ساڵ، شوێن: دیار نییە.
29. پ. د. حەسەن حوسێن سدیق: زانست و میتافیزیک. زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، 2022.
30. باول فیرابند: العلم فی مجتمع الحر. ترجمة و تقدیم و تعلیق: السید نفادی. المجلس الاعلی للثقافة، قاهرة، 2000.
31. ط. د. بوعلام الزهرة: الابستمولوجیة الفوضویة عند بول فیرابند و التفسیر الاعقلانی لتطور العلم. مجلّه الحکمة للدراسات الفلسفیة 10، العدد 2، 2022.
32. پل فایرابند: استبداد علم. ت: محسن خادمی، تهران: پگاه روزگار نو، چ. أول، 1399.
33. Milton M. R. Freeman :The Nature and Utility of Traditional Ecological Knowledge. Northern Perspectives. Published by the Canadian Arctic

Resources Committee Volume 20, Number 1, Summer 1992. https://www.researchgate.net/profile/Milton-Freeman/publication/269576083_The_nature_and_utility_of_traditional_ecological_knowledge/links/552d546d0cf21acb092172a2/The-nature-and-utility-of-traditional-ecological-knowledge.pdf

34. Loic Wacquant: Three steps to a **historical anthropology** of actually existing neoliberalism. Social Anthropology/Anthropologie Sociale (2012).

35. ***Fulvio Mazzocchi*** Western science and traditionalknowledgeDespite their variations, different forms of knowledge can learn from each other: https://scholar.google.com/scholar.

تێبینی: بۆ بەشی سێیەم سوودێکی زۆرم لە زانیاریی و شیکارییەکانی دوایین سەرچاوەی ئەم باسە (سەرچاوەی ژمارە 35) وەرگرتووە.

Abstract:

This paper discusses the importance of tradition and science at a common point, in order to counter the views that define tradition as against science. The discussion is presented in three parts: First, the common Kurdish view of science and tradition, which is still a colonial view, in which science is presented as an advanced activity and tradition as a symbol of backwardness. In the second part, by giving examples of Kurdish civilization and the relationship between Kurds and nature, the traditional importance of this relationship is discussed, which is full of scientific thinking and several examples are given. In the third section, we discuss the necessity and commonality of tradition and science, and in this we return to the discussions that scientists and philosophers have brought forward and discuss the importance of tradition for science today.